# ئەگەر فەیرانی ئێستا ڕەت بێ، دوای ساڵێکی دی پرۆژە بڕیارەکەی سینات دەبینینەوە!

ئاسۆ کەریم لە رۆژنامەی ئاسۆ بڵاوبۆتەوە
Aso2karim@yahoo.com

- لەناو عێراقدا، ململانەیەکی توند لەناو نوخبەی سیاسیی پێکهاتەکانی عێراقدا، بەتایبەتی لەنێوان شیعەو سونەدا، هەیە کە دەبێ عێراقی ئایندە چۆن بێ و کێ تیایدا بالادەست بێ، جارێ ئەو عەقڵیەتە باوە، نەك بەیەکەوەهەڵکردن و تەوافووق. ڕاستە کورد یەکێکە لە دوو نەتەوە سەرەکییەکەی عێراق، بەڵام کورد بەو توندیە ململانەی ئەو دووانە ناکا. لێ لەگەڵ هەردوو لادا، جارجار کێشەی بۆ دروست دەبێ، بەڵام چونکە ناوچەیەکی تا ڕادەیەك هاوچەشنی خۆی هەیەو ماوەیەکی کەمیش نییە، ئەوان بیانەوێ یان نا، وەکو ئەمری واقیع خۆی بەڕێوە بردووەو دەبا و لە دوای پەسندکردنی دەستوورو پێش ئەویش قانوونی ئیدارەی ئینتیقالی، بەرەسمی دانی پێدانراوە، بواری بەریەککەوتن لەگەڵ کوردا، بۆ شیعەو سونە کەم بووە و تا ڕادەیەك ئەوەشیان لە کورد قبوڵکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ پرسی وەك کەرکووك و شوێنەکانی دی، نەوت و غاز...ناتەبایی لە نێوان کوردو عەرەب (بەشیعەو سونەوە بەرێژەی جیا-جیا) ناوەتەوە. هەر بۆ نموونە لە شوباتی ڕابردووەوە، تا ئێستا پرۆژەی قانوونی نەوت و غاز هەڵپەسێردراوە، کەچی لێرە چەندین گرێبەست لەگەڵ ئەم یان ئەو کۆمپانیای جیهانی بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت مۆرکراوە کە بەغدا، لەسەر زاری وەزیری نەوت، بەنایاساییان دەزانێ. ئەوەی خۆشحاڵییە هەندێ لەو کۆمپانیایانە، لەو هەڵوێستەی بەغدا وەدەنگ هاتن و جەختیان لەوە کردەوە، نەخێر گرێبەستەکان یاسایین و بڕگە بەبڕگە جێبەجێ دەکرێن.
- ڕاستە دەستوور، زۆرینەی خەڵك (کوردو شیعە) دەنگیان بۆ دا. لێ خەڵکی سونە بە هی خۆی نازانێ، واتە سونەکان هەم لە دەستوور نارازین و هەم لە بەڕێوەبردنی سیاسەت لە عێراقدا و خۆیان بە پەراوێزخراو دەبیننەوە. کەواتە ململانە لەسەر کۆمەڵێ شت نەبڕاوەتەوە: لەسەر شێوەی دەوڵەت، لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان، لەسەر پێناسەی عەرەبی و ئیسلامیی دەوڵەتی عێراق، لەسەر هاوسەنگی نێوان دامودەزگا دەستوورییەکان، لەسەر مامەڵە لەگەڵ ئاسەوارەکانی دیکتاتۆری و.... لیژنەی دەسکاریکردنی دەستوور تا ئێستا هیچی دیار نییە و پێناچێ، بەزوویی نوخبەی سیاسی لەسەر ئەو پرسانە ڕێکبکەون. کەواتە دەستوور یەکلانەبۆتەوە و ڕاستەڕێ نەبووە. دووەم یەکلاش بێتەوە، ئاسان نییە، جێبەجێ بکرێ!
- ڕاستە، لە هەندێ ناوچەی عێراقدا، باری ئەمنی لەچاو جاران باشتر بووە، ڕێژەی کوشت و کوشتار کەمتر بۆتەوە. بەڵام شوێنەوارەکانی ئەو کوشت و کوشتارە کە بەشێکی زۆری، مۆرکی تایەفییان پێوە دیار بووە، بەئاسانی لە لای شوێنکەوتووانی هەردوو تایەفەی شیعەو سونە ناسڕێتەوە، کەواتە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی ناو عێراق، لەپاڵ ئەو پلانە ئەمنییەدا، نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییە پێکناکۆکەکان لەسەر هەندێ خاڵی جەوهەری کارێکی پێویستە و ڕەنگە ئەمریکاییەکان، بەتایبەتی سەفیر کرۆکەر تا مانگی ئاداری دادێ کە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکا، بزاوتێکی بۆ بکەن. چۆن

هامری که پێشتر له ئیدارەی کلینتۆن کاربەدەست بووەو ئێستا (گیتس) وەکو سـەرۆکی Defense Policy Board له جێگـەی ریـچارد پـیرل دایمەزرانـدووە، ماوەیـەك بـەر لـە ئێـستا لەبـەردەم کۆنگرێسدا گوتی: بەبێ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی زەحمەتە ئەو شەڕە بەکۆتا بێ. بەڵام نابێ بەپەلە له عێراقیش رابکەین و بچینە دەرێ.

- هاوبەند لەگەڵ ئەم بڕگەی سەرێ دیقەت بدەن، تاریق هاشمی (حزبـی ئیـسلامی عێراقـی) پـرۆژەی گرێبەستی نیشتمانیی خۆی خستە بەردەم لایەنەکان، سەری لە سیستانی دا ، رەنگە بۆ ئـەم پرۆژەیـە کاکەبراڵەی لەگەڵ سعودیە و هەندێ وڵاتی تر کرد بێ و ئەمریکاش وێناچێ پێی قەڵس بێ. لەگـەڵ هەردوو حزبی سەرەکیی کوردستانیش، بەتەمای رێککەوتننامەیەکی سێ قۆڵییە.
- هەڵبەت ئەو سەرۆکەی دێتە جێی بوش، نایەوێ ببێ بە سەرۆکی ئەمریکایەك کە عێراقـی لـە دەسـت بچێ، دوای ئەو هـەموو زیانـە مـاددی و مرۆییـەی لـە ئـەمریکا کـەوتووە.. سـەرۆکی داهـاتوو، کـە بەئەگەری زۆرەوە له دیموکراتەکان دەبێ و رەنگە (هیلاری کلینتۆن چانسێکی زۆری هەبێ)، نایـەوێ ئۆباڵی ئەو فەوزاو نەهامەتییەی لـە عێراقـدا لـە دوای روخـان و بـەهۆی داگیرکـاری هاتۆتـە گـۆڕێ، هەڵبگرێ، لە هەمانکاتدا نایەوێ وڵاتەکەشی دەست لە پێیان درێژتر. بۆیە ئەمریکاییەکان، بە هـەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی، بۆ ماوەی سەرۆکایەتیی دادێ، پلان دادەرێژن، کە لە عێراق و ناوچەکە بەبن نەکەون و هەیبەتی ئەمریکا نەشکێ و بەرژەوەندییەکان بپارێزن و پەرەپێ بدەن. هەرچۆن بـێ، رەنگە ئەوان هەوڵ بدەن حەللێك کە ئاشتی و ئارامییەکی رێژەیی لێبکەوێتەوەو ژمـارەی هێزەکـانی ئەمریکاش، بۆ 50 هەزارێك کەم بکاتەوە، ببیننەوە، لە ساڵی ئایندەوە کۆمپانیای ئەمریکی و غـەیرە ئەمریکی بتوانن وەبەرهێنان لە عێراقدا بکەن بەتایبـەتی لـە بـواری نەوتـدا، دیموکراتـەکانیش ئـەوە دەزانن کارێکی ئاسان نییە. بەڵام دەیانەوێ لە دنیای بگەیـەنن کـە ئـەوان نایانـەوێ بـەزۆر و بـۆ ماوەیەکی دوور لە عێراقدا بمێننەوە. دەکرێ پرۆژە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لەو سیاقە تەماشا بکرێ.
- ئەمریکا بەشێوەیەکی تەقلیـدی لـە ناوچـەکەدا هەنـدێ دۆسـتی هـەن، پێموایـە سـعودیە یـەك لـە دۆستەکانیانە، با لەدوای 11ی سپتێمبەری 2001یـشەوە جاروبـار دردۆنگـیش لـەنێوان هـەردوولادا هاتبێتە کایەوە. بەڵام بەرژەوەندی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە. سعودیە هەم نەوتێکی زۆری هەیەو هەم پارەوپولێکی زۆری سعودی لە ئەمریکا دەگەڕێ. قەبارەی وەبەرهێنانی سعودی لـە ئـەمریکا شـتێکی خەیاڵییە. بێ لەوە سعودیە وەکو سەنتەری سوننەتی جیهـانی ئیـسلامیی سـوننی لـە بەرانبـەر ئێرانـی شیعەمەزەبە. ئەمڕۆ ئێران خەریکە چەکی نەوەوی پەیدا دەکاو لە عێراقی دوای روخانی سـەدامیش نفووزێکی زۆری پەیدا کردووە، کە ئەمریکا پێی تەنگاو بووە. بۆیە سعودیە کە پشتەوانی لە عـەرەبی سوننە دەکا، هاوکێشەکە راستدەکاتەوە. ئەگەر قاعیدە بە کۆمەکی عەرەبی سوننە لـە ناوچـەکە دوور بخرێتەوە، ئەوا ئەمریکا ئامادەیە ناوچەکانی ناوەراست بە سوننەکان بـسپێرێ کـە بێگومـان لـەباری وادا نفووزی ئێرانیش تێیدا زۆر کەم دەبێتەوە، کوردستانیش بە تەبیعەتی حاڵ ناوچـە نفـووزی ئێـران نییە، واتە بەفیدرالیکردنی عێراق، رێگەگرتنێکیشە لە پەرەسەندنی نفووزی ئێران و قاعیـدە. نوخبـەی سوننە، درەنگ یان زوو، دێنە سەر خەت کە ئەو هەموو کوشتارە لە ناوچـەی ئـەوان روودەدا، لەگـەڵ

خۆیدا بێکاری و دارمانی ژێرخانی ئابووری و دواتر سەرهەڵگرتن بۆ مەنفای بۆ ئەوان لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەو نوخبەیە بیەوێ نفووزو کاریگەرییەکیان هەبێ دەبێ ناوچەکانی خۆیان بەدەست خۆیانەوە بێ، بەتایبەت ئەگەر زەمانەتی ئەوەشیان هەبێ حکوومەتی ناوەندی کە لە بەغدایێ دەبێ رێژەیەکی داهاتی نەوتیان بۆ مسۆگەر بکا. ئەگەر سوننە گەیشتە ئەو قەناعەتە، ئەوە ئەمریکا کوردو شیعەش قەناعەت پێ دەکا. بێ لەوە سوننە خۆشیان دەزانن کە دەرەقەتی زۆرینەی شیعە لە عێراقدا نایەن کە بەم شێوەیە یان ئەوی تر هاوبەرژەوەندی لەگەڵ کوردا یەکیخستوون.

- کوردستان کە ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەرە، ئەگەر ببێ بە دەوڵەت، سەریەشەی لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا، بۆ دروست دەبێ وەکو هەر لە ئێستاوە بۆی دروست بووە، لێ چونکە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بەنەوت و غازەو دەکرێ ببێتە نموونەی گەشانەوەو سەقامگیری لە ناوچەکەدا کە جێ پێی تیرۆی تێدا نەبێتەوە، بۆیە ئەمریکا، لە ماوەی دادێی سەرۆکایەتیشدا، ئەگەر لە ناوچەکانی تری عێراقیش هێزەکانی خۆی کەم بکاتەوە، رەنگە هەندێ یەکەی سەربازی لە کوردستان جێگیر بکات و بەتەنگ کوردستانەوە بێ و لەملاو ئەولا بیپارێزێ.
- رەنگە لەتەك هۆکاری pkk ، هۆکارێکی ئەم گرژییە چاوەڕوان نەکراوەی نێوان تورکیا- هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تورکیا ئەو بەفیدرالیکردنەی عێراق کە ئەنجوومەنی پیران تەرحی کردووە، بە مەترسی بۆ سەر تەناهی و سەقامگیریی وڵاتەکەی خۆی بزانێ. بۆیە چ بەتەنیا و چ بە تەنسیق لەگەڵ ئەم یان ئەو وڵاتی ناوچەکە، فشار بۆ سەرکورد، عێراق و ئەمریکا دەهێنێ و ئەو کۆنفرەنسەش کە بڕیارە لەسەر ئاستی وەزاری بۆ وڵاتانی دراوسێ لە سەرەتای مانگی دادێ لە ئەستەنبۆڵ ببەسترێ ئەو کێشەو ئاریشەکانی عێراقی تێدا باس دەکرێ و دوور نییە سات و سەوداو سازشی گەورەی تێدا بکرێ! لێ گرنگ ئەوەیە، ئەو قەیرانەی ئێستای نێوان کورد-تورکیا بەبێ باج تێپەڕێ. ئەمەش هەم حیکمەت، هەم یەکگرتوویی و خۆڕاگریی کوردی گەرەکە.
- بۆیەو بەمەزەندەی من ساڵێکی دی ئەو وەختانە رەنگە ناوەڕۆکی پرۆژەکەی بایدن بە شێوەیەکی تر بیبیننەوە!

تێبینی:

کاکە ستران/ سڵاو.. هەر ساغ بی. برا گیان، ئەو وێنەیەی کە حەفتانە لە گۆڤاری (گوڵان) دادەنرێ، هەر ئەو دانێن ئەگەر حەزتان کرد وێنە دابنێن. سڵاوو رێز بۆ کاك ئازاد سدیق.

هەوڵ دەدەم ماوە-ماوە شتتان بۆ بنووسم. /ئاسۆ کەریم- 18ی تشرینی یەکەم/